کۆمسیۆن: لە 24 کاتژمێردا ئەنجامەکان ئاشکرا دەکەین

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وادەی ڕاگەیاندنی ئەنجامی دەنگە تایبەت و گشتییەکان و وەرگرتنی تانەکانی ئاشکرا کرد.

جومانە غەلای، وتەبێژی ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە ڕاگەیەنراوەکدا بڕاویکردوەتەوە "کۆمسیۆن ئامادەکارییەکانی بە ئەژی دەنگدانی گشتی تەواو کردوە"، ڕونیشیکردەوە "دەنگدانی گشتی سبەی کاتژمێر 7ی بەیانی دەستپێدەکات و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانیش کاتژمێر ٦ی ئێوارە لەکار ڕادەگیرێن.

بەوتەی غەلای ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدان گەیشتوەتە 7 هەزار و766 ناوەند و زیاتر لە 80 هەزار بنکەی دەنگدان"، جێختیشی لەوە کردەوە کە "کارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵای ئەمنی بە هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەچێت، کە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی لە ئەستۆیە".

ناوبراو ڕاشیگەیاندوە بەپێی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە ساڵی 2023، ئەنجامی دەنگدانی گشتی و تایبەت لەیەک کاتدا ڕادەگەیەنرێت، ئەویش دوای کۆتاییهاتنی دەنگدانی گشتی و لەماوەی 24 کاتژمێردا، و دوای ئەوەش قۆناغی وەرگرتنی تانەدان دەست پێدەکات.